# له شکاتکارەوە بۆ تاوانبار، پردێک له شووشه
## (خوێندنەوەیەکی دەروونناسانه بۆ شانۆی پردێک له شووشه)

موختار کەریمی*
(سەقز)

**کە ژنێک تووشی تاوان دەبێ...**
**هەمـوو هەوێـڵ دەبنـە درک و ڕۆ دەچنـە نێـو جەسـتە و ڕۆحـی،**
**چەقـۆی نەریت دایئـەدرێ و هەڵیئـەدرێ شـان و چۆکـی،**
**کوتکی یاسا دەیسمێت و هەڵیئەکەنێ پێست و تۆخـی.**

شـانۆ وەک یەکێـک لـە هونـەرە حەوتەوانـەکان، شوێنێکی گرنگی لـە دنیـای ئەمڕۆی هونـەردا هەیـە و کاریگەرییـە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانی بەرچاوە و لـە دێرزەمانـەوە، واتـە لـە یۆنانـی کەونـاراوە تـا ئێسـتا شـوێنپەنجەی بەسـەر کولتـوور و کۆمەڵگـە و دەروونـی مرۆڤەکانـەوە دیـارە و بـە دڵنیاییـەوە لـە داهاتوویشـدا ئـەم کاریگەرییـە هـەر دەمێنێـت و لـە دنیـای تەکنۆلۆجیشـدا وەک ژانرێکی پسـپۆڕانە و لێهاتووانـە درێـژە بـە ژیانـی خـۆی دەدات و هزرچانـدن و بیرۆکـە هەڵگیرسـاندنی خـۆی پـەرە پـێ دەدات.

شـانۆی (پردێک له شووشـە)، نووسـراوەی (نیگار نـادری، وەرگێڕانـی زاهیـد ئارمـی بـە دەرهێنەریـی داریـووش ڕەفعەتـی) لـە پلاتـۆی ئیـدارەی ئیرشـادی سـەقز نمایش کـرا، دەقـی نووسـراوەکە بـە زمانێکـی پـاراو وەرگێڕرابـوو و ڕووناکـی و ئەکتـەر و مۆسـیقا لـە ئاسـتێکی بـاڵادا بـوون. دەقەکـە دارشـتنەوەیەکی پرۆفیشـناڵانەی بـۆ کرابـوو و هەڵبژاردنـی ئەکتـەری ژن و پیـاو لێهاتووانـە بـوو، بـە جۆرێـک کـە دوایـی چەنـد خولـەک، بینـەر نوقمـی ڕۆڵـەکان و ڕووناکـی و دەنـگ و مۆسـیقا و چیرۆکەکـە دەبـوو.

هـەر شـانۆیەک بتوانێـت بـە دەسـتپێکێکی سەرنجڕاکێشـەوە دەسـت و دڵـی بینـەر بگرێـت و بیباتـە نـاو هەنـاوی ڕووداو و بابەتەکـەوە، کاریگـەری و پەیامنێریـی خـۆی مسـۆگەر دەکات و بینـەر لـە هەوێـڵ (دەوروبـەر) دادەبڕێـت و دەیکا بـە بەشـێک لـە ڕەوتـی ڕووداوەکـە و پەیامـی خـۆی دەچەپێنێتـە نـاو ناوشـیار و دڵـی بینەرەوە، ئەمـەش هـەر هەمـان مەبەسـتی شـانۆنامە و نووسـەر و دەرهێنـەرە کـە لـە دەروونناسـیدا پێـی دەوترێـت دابـڕان (١)، واتـە ڕەوتانەیەکـی هیپنۆتیسمی کە بـە تەواوەتـی سـەرنجی بینەر بۆ لای چیرۆکەکـە و تایبەتمەندییەکانـی ڕادەکێشـێت و دواتـر لـە دەرەوە و هەوێـڵ دایدەبڕێـت و

یەکسەر بینەر دەکا بە بەشێک لە شانۆکە و چیرۆکەکە و دەڵێی خۆی دەورگێڕی ڕووداوەکانە و بەبەردەوامی لە هەناوی ئەم ئەکتەر بۆ ئەو ئەکتەر دەگوازرێتەوە و ئاگای لە هیچ شتێکی دیکەی دەوروبەر نامێنێت و ئاوێتەبوونێکی تەواو ئەزموون دەکات. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە هەست بەسەر بینەردا زاڵ بێت و هەڵچوونەکان لە شێوەی گریان، یان نائارامی و هاوسۆزی خۆی پێشان بدات، کە ئەمە سەلمێنەری کاریگەری و ڕۆچوونی دڵتەزێنانەی چیرۆکەکەیە بە ناخی بینەردا، کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا لێهاتوویی دەستەی کارگێڕی شانۆکە پێشان دەدات.

شانۆکە، لە خولەکە سەرەتاییەکانی خۆیدا بینەر لەگەڵ خۆی ڕادەکێشێ و سەرەتا بە ئاوێتەیەک لە ژیریی نووسەر و دەرهێنەر، بە گۆڕانی پەیتا پەیتای ڕووناکی و کایە بە ڕووناکی، بە بەردەوامی سەرنجی بینەر لەسەر ژنەکەوە، دیالۆگ بە دیالۆگ دەگۆڕێت بۆ لای پیاوەکە و هەرکامیان چیرۆکی هاوتەریبی خۆیان لەو شەوەدا دەگێڕنەوە. ئەم کایەکردنە بە ڕووناکی و ئەکتەر و گێڕانەوە کورتەکان، ئاسانکاری زیاتر بۆ ڕەوتانەی دابڕان دەکات و هاتوچۆکردنی بەردەوام و یەک لە دوای یەک بە سەرنج و گوێی بینەر، جۆرێک لە ئاوێتەبوونی ناوشیارانە لە ناو دەقدا دروست دەکات و کۆمەڵێک پرسیار لە مێشکی بینەردا دەخولقێنێت، لێرەدا نووسەر و دەرهێنەر بە کەڵک وەرگرتنی ژیرانە لە ڕووتانەی هەڵواسراوی(٢) ناجێگیری بۆ بارودۆخەکە و سەرسوڕمان بۆ بینەر دەخوڵقێنن، هەروەها تامەزرۆیی بۆ وەڵامەکەیشی سەرنجی بینەریش چڕتر دەکاتەوە و بینەر یەکسەر دەکاتە بەشێک لە ڕووداوەکە و هەموو هەڵچوونەکانی پیاو و ژنەکە و شانۆکەیش لە دەروونیدا ئەزموون دەکات.

**کە ژنێک تووشی تاوان دەبێ...**



**نیگار نادر**

**کەس گوێ بۆ وتەی شل ناکا،**

**کەس لە ناخ و لە هەناوی ڕەشەوەبووی، خۆ تێناگا...**

**پێشوەختە خۆی تاوانبارە و بێ دادگایی خەتابارە.**

**پێشوەختە جل و پۆشاکی بۆ هەر تاوانێ هۆکارە،**

**ئاخر ژنە، نەریت عەقڵی لە لا سووکە و پیاوان لەلایان بچووکە،**

**ئاخر ژنە، عەقڵی، سۆزی هەست و خەوی سەروینە.**

**دیمەنی یەکەم:**

ئەکتەری ژن باسی کاژێر هەشتی شەوی ٢٤ی جۆزەردان دەکات کە دەیویست بۆ سەردان بچێت و دواتر بچێت بۆ لای ناسیاوێکی تازەی کە تەلەفۆنی بۆ دەکات و پیاوێک وەڵام دەداتەوە و بەدەربەست گرتنی تاکسییەکی سپی خەت نارنجی دەیەوێت بچێت بۆ لای ناسیاوە تازەکەی و دواتر شۆفێری تاکسییە سپییە خەت نارنجییەکە، کەسانی تریش سوار دەکات و دواتر دەردەکەوێت چەند هاوڕێ بوونە

و بە چەقۆ و لێدان، ژنەکە دەدزن و دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەری و جلوبەرگی دەدڕێنن و شتومەکی لێ دەدزن و لاقێکی بریندار دەکەن و دواتر لە گۆڕەپانی سەرەکی شاردا بە زامداری و بێ هێزی فڕێی دەدەن، ئەمیش بە حەپەسراوی و هەڵەداوان، ماشێنێکی دیکە دەگرێت و لە ڕێگەی بۆ ماڵەوەچوون لە دەرمانخانەیەک لادەدات و دەرمانی ئازارشکێن و دژەسکیڕی دەکڕێت و بۆ ماڵەوە دەچێت. شووەکەیشی کە دووکاندارێکی ئاسایی فەقیرۆکەیە و دەڕابەکەی دادەداتەوە و بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەوێت، لە ماڵەوە ژنەکەی لە دەسشۆرەکە دەبینێت کە هەڵیهێناوەتەوە و شان دەداتە ژێر باڵی و دەیهێنێتە دەرەوە.

تابلۆی یەکەم دوو هێڵی لەیەک جودا بەیەک دەگەیەنێت و ژن و پیاوەکە لە ماڵەوە بەیەک دەگەیەنێت. تابلۆی یەکەم گێڕانەوەی دوو بەسەرهاتی هاوکاتی ژن و شوویەکە کە هەردووکیان لەو شەوەدا بۆ ماڵەوە دێنەوە، بەسەرهاتی ژنێکی دزراوی حەپەساوی ترساوی لاقەکراو، کە بێدەرەتانی و پەلەقاژەی بۆ پاراستنی خۆی و جەستە و ژنایەتی و ناموسی پێشان دەدرێت و بە زۆرەملێ و بە زەبری چەقۆ و هێزی پیاوانە، دەستدرێژی دەکرێتە سەری و ئازار دەدرێت.

نموونەیەک لە سەدان ژنی دیکەی کۆمەڵگە کە ڕۆژانە ئازار دەدرێن، ئازاری جەستەیی، دەروونی و هەڵچوونی کە لە دەست پیاسەوانێکی نێو ڕێڕەو و کۆڵانەکان و نێو تاکسییەکانەوە تا دەستدرێژی سێکسی درێژەی هەیە و بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆکەدا کەم نابینرێت و زۆرکەس چیرۆکی دڵتەزێنی سەبارەت بەم بابەتە هەیە و ڕەنگە لای کەس باسی نەکردبێت و لەوانەیە هەرگیز لای کەسیش باسی نەکات.

دەستدرێژی سێکسی، واتە ئەگەر کەسێکی گەورەساڵ، بێ ڕەزامەندی کەسەکە و بە زەبری زۆر و ترساندن و هەڕەشەکردن و فێڵ لێ کردن، هەر جۆرە پێوەندییەکی سێکسی لەگەڵ ئەو کەسە هەبێت، تووشی دەستدرێژی سێکسی (٣) بووە و تاوانبارە و دەبێت وەک تاوانبارێک لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکرێت و بچێتە بەردەم یاسا و لە کۆتاییدا دەبێت یاسا بڕیاڕی لەسەر بدات. کەسی دەستدرێژی لێ کراویش وەک قوربانی و کەسێک کە کەوتووەتە بەر زەبری دەروونی و تڕۆما، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەبێ سەرەتا چارەسەری دەروونی بۆ بکرێت و لە ژێر چەتری یاسادا بپارێزرێت و کۆمەڵگە و بنەماڵە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان پشتی بگرن و بیهێننەوە سەر ژیانی ئاسایی، بەڵام هەروەک لەم چیرۆکەدا ئاماژەی پێ دەکرێت، نەریت و یاسا و کۆمەڵگە و ڕێسا، پیاوان و تەنانەت ژنانیش پێشوەختە ژنەکەیان لا تاوانبارە و نەک ناپیارێزن، بەڵکوو بە تاوانباریش دەری دەکەن و ئازاری دەدەن. ئەمە ڕێک جۆرێک لە دەستدرێژی دەروونییە (٤) کە دوایی ڕوودانی هەرجۆرە دەستدرێژییەکی سێکسی دەکرێتە سەر ژنان و کەسانی قوربانی و خەسارەکانی کەمتر لە دەستدرێژی سێکسی نییە و بەداخەوە زۆریش بەربڵاوترە و کاریگەری زۆر زیاتری لەسەر ورەی تاک و خۆهێژایی، تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکە دادەنێت.

ژنی ناو چیرۆکەکە، ژنێکی ساکار و سادە و دڵپاکە کە بە بۆنەی سەردانەوە کەسێک دەناسێت و بڕوای پێ دەکات و دەیەوێت بڕوات بۆ لای، بەڵام لە لایەن چەند کەسێکەوە دەدزرێت، ئەمە پێشاندەری نائەمنی کۆمەڵگە و نەبوونی چاودێری کارامەیە بەسەر ماشێنەکاندا و لە کۆتاییدا بە زەبری زۆر و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی لە

لایەن سێ کەسەوە دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ژنەکە ترس و تۆق و نیگەرانی و ترس لە ئابڕووچوونی پێوە دیارە و دڕدۆنگی و ترس و نادڵنیایی لە دیالۆگەکان و وتەکانیدا شەپۆل دەدات.

هەر کات کەسێک تووشی دەستدرێژییەکی سێکسی دەبێت ترۆمایەکی دەروونی (٥) ئەزموون دەکات، واتە برینێکی دەروونی سەخت کە هەموو جەستە و دەروون و مێشکی دادەگرێت، سیستمی بەرگری لەشی دادەبەزێت و سیستمی ناوەندی دەمارەکانی (٦) دەکەونە حاڵەتی هەوڵ بۆ مانەوە و تەنیا کەڵکەڵەی جەستە و مێشک دەبێتە زیندوومانەوە، لەبەر ئەوەی جەستە و مێشک هێرشێکی سەخت ئەزموون دەکەن و وادەزانن جەستە ڕووبەڕووی سەختترین کارەسات بووەتەوە و وادەزانێت بوونەوەر بەم زووانە دەمرێت، بۆیە هەموو تواناییەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بوونەوەر بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

ئەم هەوڵانەی جەستە و دەروون پێکەوە، لە زۆر کەسدا دەبێتە هۆی ستریس و دڵەڕاوکێ و شێواوی دەروونی و جەستەیی سەخت، دەرکەوتەی ئەم هەوڵە دەروونی و جەستەییە بۆ زیندوومان، نائارامی و تۆقاوی و لەیەک داپچڕانی جەستە و دەروون و مێشک، هەروەها ناجێگیربوونی باری دەروونی و هەڵچوونی، بە زەقی بەکەسەکەوە دیار دەبێت. ژنەکەی ناو شانۆکە هەموو پێوەرەکانی شێواوی زەبری دەروونی پاش کارەساتی (٧) هەیە و ترس و تۆق و فلاشباکی هەیە و بەردەوام باسی تاکسییەکی سپی خەت نارنجی دەکات و دەڵێی ئەو بیرەوەرییە لە مێشکیدا چەسپاوە و پەنگ دەخوات و دەسووڕێتەوە، ناوەناوە هێرش بۆ مێشکی دەهێنن، ژنەکە، هەڵچوون و داچوونی زۆرە و خۆی گرمۆڵە دەکات و وەک منداڵێکی ترساو، خۆی لە ئامێز دەگرێت و دەچێتە ژێر ئاوێنەکە و جووڵەی بێ مەبەستی دووپاتەکراوی هەیە و بە خێرایی دۆخی جەستەیی دەگۆڕێت و پێدەکەنێ و دەگرییێت و بێدەنگ دەبێت. شێواوییەکی تەواو، پەشێواوییەکی زەق و بەرچاو، پێشان دەدات.

ئەکتەری ژن بە لێهاتوویی ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت و دەڵێی ڕێک لەگەڵ ڕۆڵەکە ئاوێتەیە و ئەمە بینەر زیاتر ماق دەکات و دەیکێشێتە ناو کارەساتەکەوە.

کارەساتی وەها مرۆڤەکان تووشی کێشەی دەروونی دەکات و ساڵانە کەسانێکی زۆر تووشی ئەم بارودۆخە دەبن و پێویستیان بە چارەسەری پسپۆڕانە هەیە و بە داخەوە، زەبری دەروونی پاش کارەسات یەکێک لە سەختترین شێواوییە دەروونییەکانە و لە نێو کۆمەڵگەدا زۆر باوە و یەکێک لە گرنگترین و باوترین هۆکارەکانی ئەم شێواوییە سەختەیش، دەستدرێژی سێکسییە و بەداخەوە لە نێوان کوڕان و کچانی کەم تەمەن و ژناندا بە بەردەوامی دەبینرێت.

دیارە پیاوەکە لە منداڵیدا لە کۆڵانە تاریکەکاندا وێڵ کراوە و لە تاریکی و سەگ ترساوە و بە منداڵی پشیلەیەکی لە پەنجەرەی خۆیانەوە بە شریت شۆڕکردووەتەوە و خنکاندوویەتی. دەستە لەرزۆکەکانیشی زۆر زیاتر ترس و دڵەڕاوکێ و هەزارە و نائارامی دەروونی پیاوەکە دەردەخات و بینەر بەم قەناعەتە دەگەیەنێت کە لەوانەیە ژیانێکی ئەستەم و فەقیرانە و پڕ لە کێشە و کارەساتی هەبووبێت و ئەمیش لە باری دەروونییەوە زۆر جێگیر نەبێت. پێشتر ژنی یەکەمی تەڵاق داوە و بە سەرپێیەکانی دەیشوبهێنێ کە وەک سەرپێییەک فڕێی داوەتە ناو گۆلەکە. گوایە دواتر ژنەکەی دەمرێت و ئەمیش لە کاتی مردنی ژنە یەکەمەکەی، سەرقاڵی ئیشی ئاسایی خۆی لە دووکان بووە و مێشێکیش میوانی نەبووە. ئەم دیالۆگانە دەری دەخەن کە پیاوێکی نەریتیی تۆخە و نوێنەری بەشێکی زۆری کۆمەڵگەیە کە ژن بە ئامرازێک

و کەلوپەلی ماڵەوە دەزانن، ئەویش کەلوپەلی ئەوەندە ئاست نزمی ماڵەوە، وەک سەرپێیەکانی، کە دەکرێت و ڕەوایە فڕێ بدرێتە نێو گۆلێکی ئاوەوە. ئەم پیاوە نوێنەری ڕەوتێکی مێژوویییە کە نوێنەرایەتی کەسانێک دەکات کە پیاوسالاری تۆخیان لا باشترین بژاردەیە و ژن وەک مرۆڤ سەیر ناکەن و تەنیا دەبێ لە خزمەتی پیاواندا بن و لە چێشتخانە و هەوێشخان و دیو و حەوشە دوور نەکەونەوە، تەنانەت مافەسەرەتاییەکانی مرۆڤیش بۆ ئەوان نییە، ئەوان تەنیا خزمەتکارێکن لە ماڵی شوودا، هەرچەندە ئەم بیروباوەڕە دوایی خوێنەوار بوونی ژنان و دەستڕاگەیشتنی چینی نوێ و چینەپێشووەکان بە تەکنۆلۆجیا و ئەندام بوون لە سۆشیال میدیاکاندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کاڵبوونەوەدایە، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری پیاوان و ژنانی کۆمەڵگە نەخوێندەوار و نەریتییەکی تۆخ و کۆنەپارێزن. یاساکانیش هەر هەمان یاساکۆنەکانن کە ڕێک پیاوسالارن و لە سەرەوە و بە دیدێکی پیاوانەوە دەڕواننە ژنان و ئارێشەکانیان.

پیاوەکەی شانۆکە، پیاوێکی دەمارگرژی نەریتییە کە دوای زانینی دزرانی ژنەکەی ئیتر لەبەرچاوی دەکەوێت و دەستاوی ناخوات و لەوەی کە ئایدز بگرێت دەترسێت و تازە بە بێگانەیەکی دەزانێ. بەبەردەوامی باسی ڕوانگەی خەڵک دەکات و لە وتی وتی سەر شەقام و کۆڵان و پیاوانی تر تۆقیوە، بێ هیچ یەک و دوویەک ژنەکە بە خەتابار دەزانێت و داوای تەڵاقی سازشکارانەی کردووە و پێی وایە ئەگەر تەڵاقی نەدات، نەریت و کۆمەڵگە لە پیاوەتی ئەم دڕدۆنگ دەبن و تازە سەری شۆڕ دەبێت، ئەمەیش پێشاندەری گوشاری کۆمەڵگەیە لەسەر پیاوان کە ئەوان خاوەنی ژەنکەیانن و ژن ناموسیانە و دەبوا پارێزگارییان لە ناموسەکەیان بکردایە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە، دەبێ سەرشۆڕ و بێ قیمەت و ناپیاو بن، کە وایە پیاوان لەبەر ئەوەی دڵی کۆمەڵگە ڕازی بکەن، دەبێ، یان بە کوشتن، یان بە تەڵاقدانی سێ بە سێ و ڕاشکاوانە، پیاوەتی و ئازایەتی و سەربەرزی خۆیان بسەلمێنن و تا ڕادەیەک خۆیان لە ژێر باری گوشاری کۆمەڵگە و ڕێساکان و چاوەکانی پیاوانی تر ڕزگار بکەن، بۆیە ئەم پیاوەیش بە سەربەرزییەوە داوای تەڵاقی سازشکارانە دەکات و کۆمەڵگە و یاسا و ڕێسا و نەریت بە تەواوەتی لە پشتین و بە مافی خۆی دەزانن و ڕێی بۆ خۆش دەکەن، لە لایەکەی ترەوە، هەر هەمان گوشار لە سەر ژنەکەیە و کەس گوێ بۆ وتەکان و بەڵگەهێنانەوەکان و وتە لۆجیکییەکانی شل ناکات و پێشوەختە وەک تاوانبار ناسێنراوە و دەبێ باجی کارەکەی بداتەوە و هەموویان بە دوای کێشەیەک لە جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوە و هەڵسوکەوت و ڕەوشتیدا دەگەڕێن بۆ سەپاندنی تاوانەکە. ژنان لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، بە بۆنەی ڕەگەزیانەوە پێشوەختە خەتاکارن و بەر لەوەی دادوەرییەکی دادپەروەرانەیان بۆ بکرێت لە لایەن ڕێساکانی ناو شەقام و کۆمەڵگەی پیاوسالارانەوە بە تاوانبار دەناسرێن و حوکمی تەڵاق، کوشتن، یان وەلاخران، لەسەریان دەسەپێت و زۆرجار بەر لە دادوەرییە فەرمییەکەیش لە لایەن پیاوانی کۆمەڵگەوە لە ماڵەوە، یان لە ژێرزەوییەکان، یان گەوڕەکاندا، جێبەجێ دەکرێت.

**کە ژنێک تووشی تاوان دەبێ...**

**با دایکیش بێ، با خوێنەوار و زانایش بێ، هەر نەزانە،**

**چاوی ڕەش و دەمی سووری هۆکاری سەدان تاوانە، خۆی تاوانە،**

**جێگەی گۆشەی دیوی خوارووی و هەوێشخانە، یان چێشتخانە...**

**لەوە زیاتر هەر هار دەبێت، یاخی دەبێ لەو ژیانە...**

**دیمەنی دووەم:**

پیاوەکە پیاوی یاسایە، بە بەردەوامی بە گومانەوە سەیری وتەکانی ژنەکە دەکات و پێداگری لەسەر دەمارگرژی پیاوانی کۆمەڵگە نەریتییەکان دەکات و دەڵێت پێیان قەبووڵ ناکرێ و دەزانم نابێ بزانن، بە شێوەیەکی پاڵەکی پشتیوانی لە پیاوان و نەریت و ڕێسانەریتییەکان دەکات و بەخەتابار زانینی پێشوەختەی ژنەکە لە نێوان وشەکان و وتەکان و کردەوەکانیدا بە زەقی دیارە، وتەکانی ژنەکە نابیستێت و هەر بەدوای سەپاندنی بڕواکانی خۆیەتی و گوێ نادا کە ڕاستییەکە چییە و مەبەستی ژنەکە لە سکاڵاکە چییە. ناوە ناوە باسی بابەتەکانی ناو دۆسیەکە دەکات و دەڵێت: گوایە وتوویانە جلوبەرگەکەت تەسک و تەنک و نەشیاو بووە، دەڵێن خۆی حەزی لێ بووە و هاودەستیان بووە، پیاوی یاسا بە دەنگێکی گڕی ترسێنەرانەوە، تەنیا دەدوێ و گوێ نادا و لە ئاست ژنەکە نەبیستە و تەنیا لەسەر قسەی خۆیەتی، بە بەردەوامی دەڵێت پیاوانی کۆمەڵگەی نەریتی دەمارگرژن ئەم شتانەیان پێ قەبووڵ ناکرێ، دەڵێی پارێزەری دڵ و دەروون و خواستەکانی پیاوانە و پاکانە بۆ بڕواکان و ڕێساکانی ناو کۆمەڵگە و چینی پیاوان دەکات. لە پلەیەکی باڵاوە قسەدەکات و هیچ بەڵگەهێنانەوەکانی ژنەکە نابیستێت.

ژنەکە بە بەردەوامی لەگەڵ پیاوی یاسادا دەدوێت و هەوڵ دەدات تێی گەیەنێت و دەڵێت باشە ئەگەر خراپەکار بوومایە بۆ شکایەتم دەکرد من شکاتکارم نەک تاوانبار، بەڵام کەسیک بڕیاڕی تێنەگەیشتنی دابێت، نابیستێت و تێ ناگات، کەسێکیش نەبیستێت لەسەر وتەکانی خۆی سووردەبێت و ئەگەر بڕیاربەدەستیش بێت، بڕیاڕ هەر هەمان بڕیاری نەریتی و پیاوانەی سەر شەقام و کۆڵانە و لە کۆتاییدا کەسی دەستدرێژی لێکراو دەبێت بە خراپەکار و کەسی شکاتکار دەبێتە تاوانبار، ئەم سیستمە پیاوسالارە ناکارایە، دەبێتە هۆی ون بوونی سەدان تاوانی لەو جۆرە و دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ئەم جۆرە تاوانانە، لەبەر ئەوەی کەسی تاوانبار بە بێ دانی هیچ باجێک، ڕزگاری دەبێت و دەزانێت ژنان لەبەر ئەوەی لە شکاتکارەوە نەبن بە تاوانبار و ئابڕوویان نەچێت، بڕیاڕی نەوتن و داشاردن و بێدەنگی پاراستن دەدەن و ئەم ئازارانە دەچنە نێو بنمیچی دیوەکان و دڵ و دەروونی قوربانییەکان و دواتر وەک نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی و ترس و تۆق لە پیاوان و کۆمەڵگە خۆی پێشان دەدات و دەبێتە هەوێنی دروست بوونی کۆمەڵگەیەکی تاوانکار و نائەمن بۆ ژنان و کچان و منداڵان.

ژنەکە لە بەردەم پیاوی یاسا بە بەردەوامی دەڵێت :(بۆ خۆم ناڵێم تازە من مردووم و ژیانم فەوتاوە، من ئەو کات مردم کە لە دارستانەکەدا لە کاژێر هەشتی شەودا، دەستدرێژییان کردە سەرم، بۆ ژنانی تر دەڵێم با کەسی تر وەک منیان بەسەر نەیەت)، بەڵام پیاوی یاسا گوێ ناگرێت و هەر لەسەر بەزمی خۆیەتی، تەنانەت ئاماژە بە دانپێدانانی یەکێک لەو کەسانە دەکات کە ژنەکەیان دزیوە و بە تەوس و وتەی ئاوێتەی گاڵتەوە دەڵێت وادیارە تۆیش بێ مەیل نەبوویت و جلوبەرگەکانت نەشیاو بوونە. ئەم دیالۆگە ئاماژە بە پشتگیری پیاوی یاسا بۆ دەستدرێژیکەران دەکات، تەنانەت بۆ تاوانبارەکانیش دەپاڕێتەوە و دەڵێ هیچ پێشینەیەکی خراپیان نییە و گوویەکیان خواردووە و کوڕەخاسەن و خەڵک باسی چاکەیان دەکات.

**کە ژنێک تووشی تاوان دەبێ،**

**هەموو پیاوان لەسەر حەقن،**
**ئاخر پیاوان خاوەن یاسا و کەللەڕەقن،**
**کۆمەڵگە هەر هی ئەوانە و خاوەن پارە و زۆر و شەقن،**
**ژن کەم ئەقڵە و ئەوان زانای دوازدە عیلم و یەکلاییکەرەوەی حەقن.**

**دیمەنی سێیەم:**

پیاوێک، کە باوکی کچەکەیە بە شریتێکەوە دێتە ناو ژوورەکە و داهێزراوی و داماوی و حەپەساوەیی پێوە دیارە لەرزۆک و غەمبار، باسی ئێژنەکانی سەرشەقام و دانپێدانانەکانی تاوانبارەکان دەکات کە گوایە خەڵک دەڵێن لێیان ببوورن و پێشینەی خراپیان نییە و وەک خەڵک دەڵێن کوڕەخاسەن و هەڵەیان کردووە و بیانبەخشن، ئەمەیش دیسان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ پشتگیری پێشوەختە و بێمەرجی کۆمەڵگە بۆ پیاوە دەستدرێژیکەرەکانە، سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی ڕوون بۆ تاوانەکەیان. باوکەکە لەبەر گوشاری کۆمەڵگە، داڕماوی و داماویی پێوە دیارە و غەمباری لە سەروباڵای دەتکێ و بێ هێز، بێ هێز ڕێ دەپێوێ و بە ئەستەمی دەدوێ و باسی (ئێژن)ـەکانی سەرشەقام و وتی وتی کۆڵانەکان دەکات کە ئێژن...، کرم لە دارەکەوە بووە و ئێژن...، ژنەکە خۆی مەیلی لێ بووە و ئێژن...، ژنەکە خۆی خراپەکارە و ئێژن...، هەرچی هەیە لە ژێر سەر ژناندایە و ئێژن...، دەبێ ژنی وا بخنکێنرێ و ئێژن...، ئەگەر بیانکوشتایە باشتر بوو. باوکەکە کە نوێنەری باوکێکی نەریتی و گەورەبوو لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدایە، بە دڵی پڕ گریان و بەوپەڕی بێ دەسەڵاتییەوە دەڵێ: ( باشتر بوو هەر باست نەکردایە، دەبوا کەس نەیزانیبایە، ئیتر تووشی ئەم هەموو کێشە نەدەبووین).

باوکەکە باسی ئێژنەکانی کۆمەڵگە درێژە پێ دەدات و باسی ئێژنەکان بۆ خۆیشی دەکات کە گوایە ئێژن...، ئەم باوکێکی بێغیرەتە و ئێژن...، دەبوا تا ئێستە بیخنکاندایە و دەستی خۆی لەم بێئابڕوویییە داشۆردایە، ئەویش وەک پیاوانی دیکەی کۆمەڵگە، پێشوەختە بە خەتاباری دەزانێ و نەک هەر گوێ لە وتەکانی ناگرێت، بەڵکوو بەدوای بنەچەی کارەکەدا دەگەڕێ و دەڵێ ئایا ئێمە لە بارهێنانتدا کەممان داناوە، یان جلەکانت نەشیاو بووە، یان ئەو ڕۆژە خۆت زۆر ڕەنگاندووە، یان.... باوکەکە باسی گوشارەکانی کۆمەڵگە و نەریت دەکات کە، یان دەبێ باوکەکە بمرێ، یان ژنەکە، بە بڕوای باوکەکە تازە ناتوانن لە ناو خەڵکدا سەر بەرزەوە بکەن و دەبێ ئەم تاوانە دابشۆرن و بە مردنی دانەیەکیان دڵی کۆمەڵگە ڕازی بکەن و خۆیشیان لەم تاوان و بێ ئابڕووییە ڕزگار بکەن. شایانی ئاماژەیە ئەکتەری پیاوی یاسا و شووەکە و باوکەکە، هەر یەک ئەکتەرن، واتە دەرهێنەر بەم ژیرایەتییە دەیەوێت بڵێت ئەمانە هەر یەکێکن و لەیەک زارەوە دەدوێن و هەموویان هەر درێژەدەری یەک بیروباوەڕن، بەڵام ڕۆڵ و دەسەڵات و شوێنە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانیان جیاوازە. ئەگینا لە هەناودا هەر یەک کەسن و کورد وتەنی هەر گۆشتی گایەکن.

باوکەکە نوێنەری کەسێکی دڕدۆنگە لە نێوان گوشاری کۆمەڵگە و باوان بوون، لە لایەکەوە کچەکەی خۆش دەوێ و لە لایەکەوە ناتوانێت سەری لە ناو کۆمەڵگەدا بەرز بکاتەوە، شەڕێکی گەورە لە دەروونیدا هەست پێ دەکرێت و وا دیارە پێملە بە بڕیاردانێکی سەخت و وەک خۆی بە کچەکە دەڵێت، یان تۆ، یان ئێمە، ئەکتەری باوک زۆر لێهاتووانە هەموو ئەم هەستانە پێکەوە پێشان دەدات و لەرزۆکی دەست و دڕدۆنگی و

داهێزراوی و نیگەرانی باوکەکە بە تەواوەتی پێشان دەدرێت و تاڕادەیەک بینەر لەگەڵ خۆی دەکا بە هاوڕێ و قووڵی خەمەکەی بە تەواوەتی بە بینەر پێشان دەدات. ژنەکە دەچێتە بەردەم باوکەکە و دەستەکانی لەدەور ئەژنۆی هەڵدەپێکێت و بە خۆشەکاندنەوەیەک کچانە و دڵتەزێن دەڵێت: (باشە بەسەرچاو! هەرچی ئێوە ئێژن وەک هەمیشە با قسەی ئێوە بێت، وەک شووکردنەکەم کە بە دڵی ئێوە بوو، با ئەمەیش بە دڵی ئێوە بێت و ڕاستییەکەی من هەر ئەو شەوە ٢٤ی جۆزەردان کاژێر هەشت لەو دارستانە تاریکەدا مردم. باشە با بە دڵی ئێوە بێت، هەر چی ئێوە ئێژن.... هەر چی ئێوە ئێژن....)، ئیتر ژنەکە بێ هیوا دەبێت و دەست لە بەرخۆدان هەڵدەگرێت و بە مردنی خۆی ڕازی دەبێت و باوکەکە بە دڕدۆنگی و غەمبارییەوە سەرپۆشی کچەکە لە ملی کچەکەی دەئاڵێنێ و بە دەم قسە غەمباری و داوای لێبوردنەوە، کچەکەی دەخنکێنێت.

ئەم دیالۆگە پێشاندەری ئەوەیە ژنەکە هەر لە سەرەتاوە بە نابەدڵی دراوە بە شوو، وا دیارە لە منداڵییەوە هەر بریاڕی بۆ دراوە و خۆی بۆ ژیان و کارەکانی خۆی بەرپرس و سەرپشک نەبووە، دیارە لێهاتوویی کۆمەڵایەتییەکانی گەشەی نەکردووە و وەک ژنێکی بێ دەسەڵات بارهێنراوە و دەرفەتی خۆسازان و بەهێزبوونی پێ نەدراوە، ئەمە ڕێک چیرۆکی سەدان و هەزاران کچ و ژنی ئەم کۆمەڵگەیەیە کە بە دیلی و بێ ئاگایی و بێ توانایی بڕیاڕی سەربەخۆ باردێن و دواتر هەر هەمان پەروەرێنەران بە سەختی دەیخنکێنن.

شانۆی (پردێک لە شووشە) باسی پردێک دەکات لە شووشە، لە نێوان تاوانبار و شکاتکارێک، لە نێوان ژنان و تاوانباریی پێشوەختە، لە نێوان کۆمەڵگەی نەریتی و پیاوسالار و ژنانی بێتاوان، پردێک لە نێوان ژیان و مەرگ، پردێک لە نێوان یاسا و ڕێسای ناو کۆمەڵگە و ئەوەی کە جیاکاری ڕەگەزی لە نێو کۆمەڵگەی نەریتیدا دەبێتە هۆی کارەساتی مرۆیی و دووبارەبوونەوە چەندبارەبوونەوەی تاوانەکان، ئەوەی کە نە یاسا و نە باوک و نە شوو گوێ نادەن و بەڵگەهێنانەوە و ڕاستییەکان بۆیان گرنگ نین، بەڵکوو گوشاری کۆمەڵگە، گرنگترین بەشی ژیانە و ژنان یەکەم و سەرەکیترین قوربانییەکانی ئەم بارودۆخە دڵتەزێنە نادادپەروەرانەیەن.

**کە ژنێک تووشی تاوان دەبێ...**
**تف لە سیمای ژنان دەکەن،**
**گشتیان دەبنە پووڵووی ئاورێک، تەڕ و وشکیان دەسووتێنن،**
**لەشار و شاخ دەریان دەکەن**
**بنجوبناوانی ڕۆح و هەست و سۆزیان دەردەهێنن،**
**هەموویان وەک یەک دەچوێنن،**
**شەقام و کوڵان و ماڵان دەجووڵێنن،**
**لە زەریای پڕ لە تووڕەیی، پێکەوە دەیانخنکێنن،**
**ئاخر ژنن، سەر و بنن، لە نێو کۆمەڵگەدا نزم و لە ماڵەوە دیل و ونن.**

**پەراوێز:**

1 - Dissociation
2 - Suspension
3 - SEXUAL ABUSE
4 - Psychological abuse
5 - Trauma
6 - central neurons system
7 - Post-traumatic stress disorder ( PTSD)

دەروونناسی تۆرینگەیی و دەروونچارەسەرکار- سەقز.